# ئازادی لەیلا زانا، قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ژنی کورد

نووسەر: دوکتۆر رۆیا تلووعی

ژنانی کورد بە درێژایی مێژووی کورد لە هەوڵ و خەباتی نەتەوەییدا بەشدار بوون و قارەمانی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە. قارەمانانی ناسراو و نەناسراو.

ژنە قارەمانە نەناسراوەکانی کورد تەواوی ئەو ژنە کوردانەن کە یان خۆیان پێشمەرگە بوون و پێشمەرگەن و یان دایک و خوشک و ژن و کچی خەباتگێڕان و شەهیدانی کوردن و یان ئەو ژنانەی کە هەر چەند پێشمەرگە نین، بەڵام راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە خەباتی کوردا بەشدار بوون. ژنانی ئەنفال، ژنانی کیمیاوی هەڵەبجە، ژنانی شۆڕشگێڕ و ئەو ژنانەی وا لە هەموو ئاوارەیی و دەربەدەری و شۆڕشێکدا سەبر و تاقەتیان بووە و بەشدار بوون. ژن هەر چەندە لە هەموو میللەتێك و لە ناو کوردیشدا ستەمی لێ کراوە بەڵام ژنە کورد بە راستی ئەسەری گەورەی لە خەباتی میللەتی خوێدا بووە و هەیە.

ئیمڕۆکە یەکێك لە قارەمانە ژنە ناسراوەکانی کورد، خاتوو «لەیلا زانا» ئۆستوورەی راوەستاوی و خەبات دوای دە ساڵ زیندان ئازاد بووە. خاتوونی ئاشتی کورد، چ خەڵاتی ئاشتی پێ بدرێ و چ پێی نەدرێ، نەتەوەی کورد دەزانێ کە ئەم ژنە شۆڕشگێڕە بۆ ئەو خەڵاتە شایستەترین ژنی جیهانە.

لەوانەیە کەس غەیری خودی « لەیلا» نەتوانێ ئازاری ئەو دە ساڵە بە گۆشت و پێست و ئێسقانیەوە هەست پێ بکات بەڵام ئەسەری ئەو زیندانی بوونە و ئەو تاقەتە و ئەو خەبات و ئەو راوەستاوییە شتێکە کە لەمەولا بەردەوام ئەسەری لە سەر نەتەوەکەمان دەبێ. راوەستاوی «لەیلا» بۆ میللەتی خۆی چەند پەیامی هەیە:

www.kurdistannet.org

١– لە ڕێگای خەباتماندا دەبێ ئامادە بین زۆر شتی لە پێناودا دابنێین وەك كوژران، تێرۆر كران، زیندانی كێشان و ئەشكەنجە بوون و هتد.
٢– لە نەتەوەی كوردا ژن و پیاو جیاواز نین. ئەو ئەرك و خەباتە پیاو دەیكات، ژنیش دەیكات و ژن زەعیفە نییە.
٣– ڕاوەستان و بەردەوامی و تێكنەشكانە كە دەتوانێ دوژمنانی كورد سەرشۆڕ كات. ئەوەی كە توركەكان بە خۆیاندا هاتنەوە كە ئەی هاوار، تا ئێستا هیچ هاوولاتییەكی توركیا خەلاتی ئاشتی نۆبێلی وەرنەگرتووە و ئێستا خاتوونێكی كورد لەوانەیە ئەو خەلاتە وەرگرێت و ئەویش لە زیندانە، چ سەرشۆڕییەكە بۆ توركیا، بە بڕوای نووسەر دەسكەوتێكی گرنگە بۆ كورد.
٤– بەڕای نووسەر «لەیلا زانا» سەلماندی كە خەباتی نەتەوەیی و خەباتی بەرابەری و یەكسانیخوازی ژن و پیاو لە كوردا دوو شتی جیاواز نین و هاوكات و هاوشانن.
ئێستا خەباتی كورد و بەتایبەتیش خەباتی ژنانی كورد بە ئازادی «لەیلا»وە هاتۆتە دۆخێكی نوێ. كورد دەبێ چەندەها «لەیلا زانا»ی تر لە هەر چوار پارچە پەروەردە كات. لەوانەیە بەدیهاتنی ئەو قسەی «واسیلی نیكتین» ڕۆژهەلاتناسی ڕووسی نزیك بێ كە لە كتێبی «كورد و كوردستاندا» لە سالەكانی ١٩١٠ وتی:
**«ژنی كورد هۆكاری زیندوو بوونەوەی دووبارەی میللەتی كورد دەبێ لە داهاتوودا»**.
ئەركی سەرشانی ژنانی تێكۆشەری كوردە كە هەوڵ بدەن خەباتێكی نەتەوەیی– فێمێنیستی بە دروست كردنی ڕێكخراوەیەكی بەهێز، بریتی لە ژنانی هەر چوار پارچەی كوردستان، دەست پێ بكەن و لە ڕێگا و ڕەوشتی خەباتی دیمۆكراتیك لەم چاخی بە جیهانیبووندا كەلك وەرگرن و كێشەكانی خۆیان و میللەتەكەیان لە چوار پارچەی كوردستاندا زەق بكەنەوە. پێویستە لەگەڵ ژنانی تری جیهاندا پێوەندی بگیردرێ و ئەوان بە كێشەی كورد و ژنانی كورد ئاشنا بكرێن. لەم خەباتەدا ئەو هزر و ئەندێشە لە مێشك و بیر و باوەڕی نەتەوەكەماندا دەبێ مسۆگەر بێت كە ئێمە ژنانی كورد خەباتی نەتەوەیی و یەكسانی خوازی مافمان لەگەڵ پیاو، لێك جیاواز نین.
بێگومان خاتوو «لەیلا زانا» لە پێكهێنان و بەشداری لە بەڕێوەبەرێتی ئاوەها ڕێكخراوە و خەباتێك دەورێكی سەرەكی دەبینێ و پێویستە ئەو ئەركە بە یارمەتی ژنانی تێكۆشەری كوردی هەر چوار پارچە بگرێتە ئەستۆ.
ڕاوەستاوی و ئازادی «لەیلا زانا» دەتوانێ پەیامێكی تایبەتی تریشی بۆ كوردی ڕۆژهەلات بێت بە تایبەت بۆ ئەو دەستە لە ڕۆشنبیران كە پێیان وایە باشترە بە خۆسانسۆری و قایمكاری،

جارێکە دەسەڵات نەورووژێنن. تاکوو ئەو مرۆڤانەی کە ئامادەن بە نەترسی و ئازایەتی خەبات بکەن و لەم رێگادا زۆر شتی لە پێناودا دابنێن، زۆر نەبن هێزی دەسەڵات هەر پتەو دەمێنێ و هەر سەرکوتمان دەکات. تاکوو ئێمە خۆمان، خۆمان سانسۆر بکەین و تێنەکۆشین و ماتڵ و چاوەڕوان بین بەڵکوو بارودۆخەکە خۆی لە خۆیدا بگۆڕدرێ و هەل و مەرجەکان ئاسایی تر بێت، نەکا بمانگرن، نەکا ئەشکەنجە بدرێین، نەکا لە سێدارەمان بەن و هتد، هیچ شتێك ناگۆڕێ و هەر ئەمەی دەمێنین کە هەین. ئەوەی کوردی باشووری گەیاندە ئیمرۆ، راوەستاوی و ئامادەیی بۆ هەموو ئازار و ئەشکەنجەکان بوو. ئێمە تاکەی بترسین؟ تاکەی خۆمان سانسۆر کەین؟

لە کۆتائیدا بەو هیوایەی کە هەر ژنە کوردێك «لەیلا زانا»یەك بێ، ئازادی «لەیلا زانا» ئۆستوورەی راوەستاوی کورد و ژنی کورد لە هەموو خەڵکی چوار پارچەی کوردستان پیرۆز بێت.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org